# ئازادی بە کوێلەبون

د.کەمال سەید قادر

لە مێژوی فەلسەفەدا پرسیارێک بە بەردەوامی خۆی دووبارە دەکاتەوە لە سەر ئە وەی ئایا ئازادی مرۆڤ سنوردارە لە دیاری کردنی چارەونوسی خۆی؟ ئایا بۆ نمونە مرۆڤ دەتوانێت بە بڕیاری ئازادی خۆی، خۆی بکات بە کوێلەی واتە مولکی کەسێکو لایەنێکی تر؟ ئایا مرۆڤ ئازادە لەوەی مرۆڤێکی تر ڕابسپێرێت کۆتایی بە ژیانی بێنێت یاخود زیندانی بکات؟ وەلامی زوربەی هەرە زۆری فەیلەسەفو زانایانی یاسایی ئەوەیە کەوا نەخێر، مرۆڤ ئەم ئازادی یانەی نی یە چونکە بیرۆکەی ئازادی نابێت ناکۆک بێت لە گەل سروشت خۆی وە ئەم بیرۆکەیە دەبێت خزمەتی بە پێشبردنی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بکات نەک داکەساندنو ڕیسواکردنی بەهاکانی مرۆڤایەتی. هەندێ فەیلەسوفی ڕەگەزپەرستی لێ دەرچێت وەکو ئەرستۆ بۆ نمونە، هەمو لایەنەکان لە سەر ئەم ڕایە کۆکن. ئەرستۆ لەم باوەڕەبو کەوا مرۆڤ هەیە هەر لە سروشتا وەکو کوێلە لە دایک دەبێت وە هەشە بە مرۆڤی ئازاد، بۆیە دەبێت هەتا هەتایە مرۆڤی کوێلەو ئازاد هەبێت وە چینی یەکەمیان هەردەم دەبێت لە خزمەتی ئەوەی دووەمیان بێت.

تیۆری ڕەگەزپەرستی لەم جۆرە مێژوی مرۆڤایەتی چەسپاندویەتی کەوا نەزۆکەو بێ مانایە، هەرچەندە دیاردەی کوێلایەتی پێ دەچێت دیاردەیەکی هەمیشەیی بێت وە لە ژێر ناوو شێوەی جیا جیادا لە هەمو سەردەمێکو شوێنێکدا سەر هەلبدات.

جوانترین ڕونکرنەوەش بۆ هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە جان جاک ڕوسو دەیهێنێتەوە کە دەلێت: زۆرداریو بە کارهێنانی هێز یەکەم کوێلەی دروستکرد دوای ئەوەش گیانی کوێلایەتی لە ناخی ئەو مرۆڤە بە کوێلە کراواونەدا چەسپا.

ئەم تیۆری یەی ڕوسۆ ئەگەر لە سەر کەس نەچەسپێت، ئەوا لە سەر میللتی کورد دەچەسپێت. هەرچەندە من نازانم کێ بۆ یەکەم جار یەکەم کوردی بە زۆر کردە کوێلە، بەلام دەزانم کەوا گیانو هەستو جۆری بیرکردنەوەی کوردی گیانێکی کوێلانەیە.

هەرکەسێک، جا چ خۆیی یا بیانی، بیەوێت کۆمەلێک کورد بکاتە مولکی واتە کوێلەی خۆی، ئەوا لەوە زیاتر هیچی پێ ویست نی یە کەوا دەستداتە دارێک وە هەڕەشەی دارکاری کردن لە یەکێک لەو کۆمەلە کوردە بکات، تاکو هەمو ئەوانی تر بکەونە پێشبڕکێ بۆ سەردانواندنو خزمەتکردنی ئەم کوێلە چی یە نوێ یە.

عەرەبێک لەو پەڕی بیابانەوە دەهاتە کوردستان تەنها بە چاو سورکردنەوەیەک سەدەها پیاوو لاوی کوردی بە ڕانکۆچۆغەلو کەلاشو چەکەوە وەکو جاش بە دوای خۆی دەدا، وە شەوانیش پێشبڕکێ لە سەر ئەوە بو کامەیان خوشکی یا خێزانی خۆی بباتە سەر جێگای

ئەم بیابانی یە. وە ئەگەر جارێکیش بە دەگمەن ڕوی دابێت کەوا میللەتی کورد بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت خۆی لە دەست زنجیری کوێلایەتی بیانی ڕزگار کردبێت، ئەوا لە بەر ئەوەی نەیزانیوە چۆن لە ئازادی بژیێ وە فێری ژیانی کوێلایەتی بوە ، یا بە ئازادی خۆی چۆتەوە بەر دەستی کوێلەچی یە کۆنەکانی خۆی، یا خود لە ناوە خۆ کوێلەچی یەکی خۆیی لێ ڕاستبۆتەوە، جا چ بە ناوی شێخ یا ئاغا یا حیزب یا بنەمالە، وە هەمان ڕۆلی کوێلەچی بیانی بینیوە تاکو کوێلەچی بیانی دیسان گەیشتۆتە سەری وە سەر لە نوێ ملی خستۆتەوە ناو هەلقەی زنجیری کوێلایەتی.
دیاردەی زالبونی گیانی کوێلەیاتیشە لە ناخی کورد کەوا وای کردوە هەرکەسێکی بیانی بیەوێت مرۆڤی کورد کوێلە بکات، هەر پێ ویستی بەوە نی یە یەک بە یەک پێدا بێت بۆ هەڕەشەلێکردنو ملکەچ پێ کردنی تاکەکان، بەلکو تەنها پێ ویستی بە هەڕەشە کردن لەم کوردە هەیە کەوا دارێکی بەدەستەوەیە وە لە ژێر هەڕەشەدا وەکو گاوان میللەتی وەکو گاڕان پێش خۆی داوە.
ئەوانەی ئێستا ڕۆلی گاوان دەبینن وە لە خزمەتی کوێلەچی یە بیانی یەکانن، بە ناو سەرکردە سیاسی یەکانی حیزبە کوردی یەکانن وە بە بێ جیاوازی.

ئەوەی لە پرۆسەی ئامادە کردنی دەستوری عێراقدا ڕویدا وە ئێستا لە پرۆسەی دەنگدان لە سەر ئەم دەستورە ڕودەدات، هیچی تر نی یە لە شێوەیەک لە شێوەکانی بە کوێلە کردنی میللەتی کورد لە ڕێگای فشار هێنان بۆ کوێلەچی یە خوی یەکان کەوا سەرکردە سیاسی یەکانن. بە یەک چاو لێ سورکردنەوە ئامادەن هەرچی بەها هەیە هەڕاجی بکەن وە هەرچی کورد هەیە زنجیر بەستی کەنو بیدەنە دەست کوێلەچی یەکی بیانی وە بە کەمترین نرخیش. نرخەکە لەوانەیە هەر ئەوەندە بێت ڕێگایان پێ بدەن دزی لە میللەتی خۆیان بکەن. لە ڕاستیشدا ئەو دزیو گەندەلی یەی لە کوردستاندا هەیە هەموی جۆرێکە لە پاداشتدانەوە بەو کەسانەی پیشەیان بۆتە میللەت فرۆشی.

ئەگەرنا دەستورێک کەوا بنەڕەترین مافەکانی مرۆڤو گەلان دابین نەکات وەکو مافی چارەنوس کەوا مافێکی سروشتی گەلانە وە یەکێکە لە پرنسیپە هەرە بنەڕەتی یەکانی یاسای نێودەولەتی هەروەکو لە چارتەری نەتەوە یەکگرتوەکانو هەردو ڕێککەوتنامەی مافی مرۆڤی سالی 1966 هاتوە، چۆن دەتوانرێت بە سەر میللەتێکا وەکو میللەتی کورد فەرز بکرێت کەوا خاوەن مافی یەکسانە بە هەمو میللەتان جیهان لە ژیانێک لە کەرامەتدا.

پڕۆسەی دەستوری ئەوا لای هەمومان ئاشکرایە پڕۆسەیەکە هیچ پەیوەندی یەکی بە داواڕەواکانی میللەتی کوردەوە نی یە لە مافی چارەنوسو ژیان لە کەرامەتدا، بەلکو پڕۆسەیەکە لە لایەن ئەمرکیو بەریتانی یەکانەوە بە گڕ خراوە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان وە بە زۆر لە سەر هەمو لایەنەکانی تر فەرز کراوە.

ئەوەی کە ناویشی لێنراوە پەرلەمانی کوردستان، کە گوایە دەستورەکەی تەسدیق کردوە، ئەوا نە پەرلەمانێکی ڕاستەقینەیەو نە نوێنەری میللەتیشە، بەلکو دەزگایەکی کارتۆنی یە ئەرکی سەرەکی شەرعیەتدانە بەو بڕیارانەی کەوا چەند کەسانێک بە ناوی کوردەوە بەلام بۆ بەرژەوەندی بیانی دەری دەکەن چونکە گاوانی خەلقن وە لە بنەڕەتیشدا هەر بۆ ئەم مەبەستەش دانراون.

ئەگەر گاوانی خەلق نەبن چۆن بالوێزێکی ئەمریکی دەسەلاتی لە سەرکردەی هەمو حیزبە سیاسی یەکانی کوردی زیاتر دەبێت وە هەتا خۆشی کۆبونەوە بە سەرکردەی هەردو حیزبی سەرەکی دەکات وە چۆنی یەتی هەلوێستیان لە داهاتودا دیاری دەکات وە لە هەر بوارێکیش بیەوێت.
هەتا ئەگەر پەرلەمانی کوردستانیش ئەو دەستورەی تەسدیق کردبوبێت، ئەوا دەستورەکە خۆی بە بەردەوامی گۆڕانکاری بە سەر دێت وە هەتا ئەمرۆ، چوارشەمە 12.10.2005 گۆڕانکاری وا سەرەکی بە سەرا هات کەوا بوە دەستورێکی کاتی وە تەنها بۆ ماوەی چوار مانگ پاش هەلبژاردن کاری پێ دەکرێت ئینجا دەبێت لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە لایەن پەرلەمانی عێراقی نوێوە چاوی پێ بخشێندرێتەوە. هەموشمان دەزانین کەوا ڕۆلی کورد لە پەرلەمانی نوێ نزیکەی سفرە چونکە هەرێمی کوردستان تەنها 35 ئەندامی لە پەرلەمانی نوێ دەبێت کەوا ناکاتە 13% یش.

بۆیە هەرچی بڕیارێک بە ناوی میللەتی کورد لە سەر دەستوری عێراق دراوەو بدرێت شەرعی یەتی نی یە، چونکە بە ناو نوێنەرانی کوردی لە پرۆسەیەکی هەلبژاردین ئازادو عادیلانەو ڕاستەوخۆدا هەلنەبژێردراون. سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە چاو سورکردنەوەیەکی ئەمریکی یەکان دانرا وە بەرامبەر بە سازش کردن لە مافە ڕەواکانی کورد، وە پەرلەمانی کوردستانیش لە پرۆسەیەکی هەلبژاردنی ناڕاستەوخۆی تەزویریدا بە لیستی حیزبی دیاری کرا وە پڕیەتی لە کۆنە جاشو بەعسیش.

هەتا ئەگەر زوربەی میللەتی کوردیش بە بەلێ بڕیار لە سەر ئەم دەستورە بدات ئەوا دەستورەکە هەر باتیلو بەتالە، چونکە چۆن هیچ کەسێک ناتوانێت بە ئازادی خۆی، خۆی بکات بە کوێلەی یەکێکی تر، ئەوا میللەتێکیش ناتوانێت بە ئازادیو بە بڕیاری خۆی سازش لە مافێکی هەرە بنەڕەتی خۆی بکات کەوا مافی چارەنوسە.
ئەم پرۆسەیە بە پێ ی یاسای نێودەولەتی کاتێک شەرعیەتی دەبو، ئەگەر یەکەمجار ڕیفراندۆمێک لە کوردستاندا ئەنجامدرابا لە سەر مانەوەی یا جیابونەوەی کوردستان لە عێراقدا، ئینجا ئەگەر خەلقی کوردستان بە زۆرینە بڕیاری مانەوەیان لە نێو عێراقدا دابا، کەوا مەحال بو، دەتوانرا پاش ئەوە دەستورێک ئامادە بکرێ کەوا هەمو ئەم مەرجانە

پڕبكاتەوە كەوا خەلقی كوردستان بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دایاننابو وە دوایی دەنگی لە سەر بدرێت.

ئەم دەستورەی ئێستا بەتالو باتیلە چونكە دەستور بریتی یە لە گرێبەندێكی كۆمەلایەتی وە هەر گرێبەندێكیش دژ بە بنەماكانی یاساو ئەخلاق بێت ئەوا باتیلە هەرچەندە بە ڕەزامەندی هەمو لایەنێكیش بەسترا بێت. كەسێك ناتوانێت گرێبەندێك لە گەل كەسێكی ترا ببەستێت لە سەر ئەوەی لە ئێستاو داهاتودا یەكێكیان بە بێ ڕەزامەندی ئەوی تریان هەلسوكەوت نەكات، چونكە گرێبەندی وا دژی ئازادی وویستی تاكە كەسە كەوا ئازادی یەكی بنەڕەتی یە وە هیچ كەسێك ناتوانێت، هەتا بە ڕەزامەندی خۆشی بێت سازشی لە سەر بكات.

ئەم دەستورەش زۆر لە گرێبەندێكی لەم جۆرە دەچێت، چونكە بنەڕەترین مافی گەلانو مرۆڤی پێ شێلكردوە، ئەمیش مافی چارەنوسە. بۆیە دەستورێكو گرێبەندێكی باتیلە ئەگەر هەر هەمو دەنگدەرانی كوردیش دەنگی بۆ بدەن.
جگە لەوەش لە سیستەمە دیمكراسی یەكاندا بڕیارێك واتە دەنگدانێك كاتێك شەرعیەتی خۆی هەیە ئەگەر هاوولاتی پێشی دەنگدان لە سەر لایەنی چاكو خراپی پڕۆژەكەی دەندگدان بە تێروتەسەلی ئاگادار كرێتەوە، كەچی لە كوردوستاندا ماشێنی پڕۆپاگەندەی حیزبەكان هەر لە شێوەی فەرمان وە لە ژێر ترساندنی خەلق دوا لە دەنگدەران دەكەن، بە بەلێ دەنگ بۆ ئەم دەستورە بدەن. بۆ خەلق ڕوون نەكراوەتەوە مافەكانیان لە ڕاستیدا چین وە چۆن دەستور ئەم مافانەی ڕەچاو نەكردوە.

پڕۆسەی دەستوری عێراق لە سەرەتاوە تا كۆتایی پڕۆسەیەكی دەرەكی یە وە لە پێناوی بەرژەوەندی یە دەرەكی یەكان بە ڕێ كراوە.
ئەمەش وە نەبێت قسەی من بێت بەلكو قسەی سەنتەرەكانی لێكۆلینەوەی ناوداری جیهانە.

بۆ نمونە لە ڕاپۆرتێكی پەیمانگای ئاشتی نێو دەولەتی كەوا بارەگاكەی لە واشنتنە وە سەر بە كۆنگرێسی ئەمریكی یە، هاتوە كەوا ئەم دەستورە لە ژێر پالەپەستۆی وە لە پێناوی بەرژەوەندی یە ناوخۆكانی ئەمریكا هاتۆتە كایەوە، پڕۆسەكە دوور بوە لە ڕەچاوكردنی بەشداربونی تاكە كەسو ئافرەتو كەمایەتی یە نەتەوایەتیو ئاینی یەكان، زۆر بە خێراییو سەرپێیی ئەنجامدراوە، بالوێزی ئەمریكی ڕۆلی سەرەكی لە پڕۆسەكەدا گێڕاوە وە لە زوربەی دانیشتنەكانی سەبارەت بە دەستور بەشداری كردوەو هەتا لە دانیشتنەكانی پەرلەمانی عێراقیش بە پەیوەندی بەم مەسەلەیە ئامادە بوە. جگە لەوەش بە پێ ئەم ڕاپۆرتە لە 12.8.2005 بە دوواوە ئەمریكا ڕەشنوسی تایبەتی خۆی بە زمانی ئینگلیزی

پێشکەش کردوە (تکایە بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە کلیکی ئێرە بکە
( http://www.usip.org/newsmedia/releases/2005/1011_draft.html

لە ڕاپۆرتێکی تری سەنتەری لێکۆلینەوەی INTERNATIONAL CRISIS GROUP کەوا بارەگا سەرەکی یەکەی لە برۆسلە هاتوە کەوا ئەم دەستورە لە بەر ناعەدالەتی تۆی توندی تیژی لە عێراقدا دەچێنێت وە هەتا دەستورەکە خۆشی بۆتە ئامرازێکی شەڕکردن وە مۆرکی تایەفەگەری شیعەی پێ وەیە. جگە لەوەش کەوا ئەم دەستورە هەر شەرعیەتی نی یە چونکە بە پێ ی  مادەی 61 یاسای بە ڕێوەبردنی کاتی دەبوایە ڕەشنوسەکە لە 15.8.2005 تەواو بێت، کەچی ڕەشنوسەکە هەتا ئێستاش هەروا گۆڕانکاری لە سەر دەکرێت. ئەم ڕاپۆرتەش بە هەمان شێوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا پرۆسەکە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەمریکی ئەنجامدراوە (تکایە بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕاپۆرتە کلیکی ئێرەبکە
http://www.crisisgroup.org/library/documents/middle_east___north_africa/iraq_iran_gulf/b19_unmaking_iraq_a_constitutional_process_gone_awry.pdf)

ئێمەی کورد دەبوایە بە لایەنی کەمەوە وورەی ئەمریکی یەکان خۆیانمان هەبوایە کەوا خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە پرۆسەکە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیانە وە خۆیان سەرپەرشتیان کردوە، کەچی لایەنی کوردی خەریکی زوڕنا ژەنینە وە پرۆپاگەندەی ئەوە دەکات کەوا دەستورەکە بەرهەمی وویستی ئازادی کوردی یە وە بەشی هەرە زۆری مافی کوردی دابین کردوە.
لە گاوانی خەلق چی چاوەڕوان دەکرێت جگە لەوەی کەوا گاران بە پێ ی ئارەزوی ئاغاکانی باژوات.